مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

# أهمية الفيديوهات القصيرة (Reels) في الإعلام الرقمي الكردي، الإعلام الرقمي (964 Kurdi) أنموذجا.

## دراسة تحليلية

**أ.م. شاوێن نوزاد رفيق**
القسم الفني للإعلام، المعهد التقني الإداري أربيل، جامعة أربيل التقنية، إقليم كوردستان، العراق
shawen.rafeeq@epu.edu.iq
**أ.م. محمد عمر صالح**
القسم الفني للإعلام، المعهد التقني الإداري أربيل، جامعة أربيل التقنية، إقليم كوردستان، العراق
mohammed.saleh@epu.edu.iq

**الكلمات المفتاحية:** الفيديوهات القصيرة (Reels)، الإعلام الرقمي الكردي، الشبكات الإعلامية، Kurdi ٩٦٤.

**كيفية اقتباس البحث**
رفيق , شاوێن نوزاد , محمد عمر صالح, أهمية الفيديوهات القصيرة (Reels) في الإعلام الرقمي الكردي، الإعلام الرقمي (Kurdi ٩٦٤) أنموذجا. دراسة تحليلية,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آب ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٨ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# The Importance of Short Videos (Reels) in Kurdish Digital Media: The Case of 964 Kurdi An Analytical Study

**Shawen Nawzad Rafeen[1] Mohammed Omar Saleh[2]**

[1+2]Technical Department of Media, Erbil Technical Administrative Institute, Erbil Polytechnic University, Kurdistan Region, Iraq,

[1]shawen.rafeeq@epu.edu.iq [2]mohammed.saleh@epu.edu.iq

**Keywords** : Short Videos (Reels), Kurdish Digital Media, Media Networks, 964 Kurdi.

**How To Cite This Article**
Rafeen ,Shawen Nawzad , Mohammed Omar Saleh ,The Importance of Short Videos (Reels) in Kurdish Digital Media: The Case of 964 Kurdi An Analytical Study ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, August 2026,Volume:16, Issue 8.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

Over the past few years, short-form videos (Reels) have become one of the most significant methods of content distribution across digital platforms. Due to their brief duration, rapid delivery of information, and strong impact on viewers, Reels have secured a prominent position in modern digital media. In the Kurdistan Region, many media organizations have increasingly relied on Reels to expand their audience, particularly among younger generations, and to enhance the effectiveness of their digital communication strategies.

964 Kurdi is one of the leading examples of Kurdish digital media that has successfully utilized short-form videos. Through Reels, the platform presents news, major events, interviews, public information, and social

issues in a fast, engaging, and visually appealing format. Furthermore, by integrating text, images, music, and graphic elements into its videos, 964 Kurdi increases viewers' attention, encourages content sharing, and enhances audience engagement.

In general, Reels in Kurdish digital media are not merely a tool for disseminating news; they also play a vital role in strengthening the relationship between media organizations and their audiences. The experience of **964** Kurdi demonstrates that the effective use of short-form videos can significantly improve reach, increase engagement, and enhance the visibility and influence of digital media content across social media platforms.

**المستخلص**

شهدت السنوات الأخيرة تطوراً متسارعاً في التكنولوجيا الرقمية وانتشاراً واسعاً لمنصات التواصل الاجتماعي، مما أدى إلى إحداث تغييرات جوهرية في أساليب إنتاج المحتوى الإعلامي ونشره. ومن بين مختلف أشكال المحتوى الرقمي، برزت الفيديوهات القصيرة (Reels) بوصفها واحدة من أكثر الوسائل فاعلية في جذب انتباه الجمهور وتعزيز التفاعل معه. وبفضل مدتها الزمنية القصيرة، وسرعة إيصال المعلومات، وطريقة عرضها الجذابة، أصبحت هذه الفيديوهات تحتل مكانة بارزة في الإعلام الرقمي المعاصر.

وفي إقليم كردستان، ومع تزايد أعداد مستخدمي وسائل التواصل الاجتماعي وتغير أنماط استهلاك المحتوى الإعلامي، اتجهت العديد من المؤسسات الإعلامية إلى الاعتماد على الفيديوهات القصيرة بوصفها جزءاً أساسياً من استراتيجياتها الإعلامية. ويهدف هذا التوجه إلى إيصال الأخبار والمعلومات بسرعة، وتوسيع نطاق الوصول إلى الجمهور، ولا سيما فئة الشباب، فضلاً عن زيادة مستويات التفاعل والمشاركة مع المحتوى المنشور. ويُعد الإعلام الرقمي (964 Kurdi) من أبرز النماذج الكردية التي نجحت في توظيف تقنية Reelsبصورة فعّالة ضمن استراتيجيتها الإعلامية الرقمية.

تُعد هذه الدراسة دراسة تحليلية تهدف إلى بيان أهمية الفيديوهات القصيرة (Reels) في الإعلام الرقمي الكردي، من خلال تحليل دورها في زيادة الوصول(Reach) ، وتعزيز التفاعل (Engagement)، ورفع كفاءة الاتصال الإعلامي الرقمي. وتتخذ الدراسة من 964 Kurdi أنموذجاً للتحليل، إذ تتناول أساليب إنتاج المحتوى، وخصائص الفيديوهات القصيرة التي يقدمها، ومدى تأثيرها في تفاعل الجمهور. كما تسعى الدراسة إلى توضيح الكيفية التي أصبحت بها الفيديوهات القصيرة عنصراً أساسياً في الإعلام الرقمي الكردي، وأداة مؤثرة في نقل الأخبار، ونشر الوعي، وتعزيز العلاقة بين المؤسسات الإعلامية وجمهورها في البيئة الرقمية.

# گرنگی کورتە ڤیدیۆ (Reels) لە دیجیتاڵ میدیای کوردیدا، دیجیتاڵ میدیای (Kurdi ٩٦٤) بەنمونە توێژینەوەیەکی شیکارییە

م.ی. شاوێن نوزاد رفیق          م.ی. محمد عمر صالح
تەکنیکی میدیا، پەیمانگەی تەکنیکی کارگێری هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
shawen.rafeeq@epu.edu.iq          mohammed.saleh@epu.edu.iq

**پوختە**

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، کورتە ڤیدیۆ (Reels) بووەتە یەکێک لە گرنگترین شێوازەکانی بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆک لە سەرجەم پلاتفۆرمە دیجیتاڵەکاندا. ئەم جۆرە ناوەڕۆکە بەهۆی کورتی ماوە، خێرایی گەیاندنی زانیاری و ئاستی بەرزی کاریگەریی لەسەر بینەر، توانیویەتی شوێنی تایبەتی لە ناو میدیای نوێدا وەربگرێت. لە هەرێمی کوردستانیش، زۆرێک لە دامەزراوە میدیاییەکان بۆ زیادکردنی ژمارەی بینەر و گەیشتن بە گەنجان، گرنگی زیاتر بە بەرهەمهێنانی Reelsدەدەن.

دیجیتاڵ میدیای 964 Kurdiیەکێکە لەو نمونانەی کە بە شێوەیەکی کاریگەر سوود لە کورتە ڤیدیۆ وەرگرتووە. ئەم میدیایە بە بەکارهێنانی ڤیدیۆی کورت، هەواڵ، ڕووداوە گرنگەکان، چاوپێکەوتن، زانیاری گشتی و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی خێرا و سەرنجڕاکێش پێشکەش بە جەماوەر دەکات. هەروەها، بەهۆی گونجاندنی دەق، وێنە، مۆسیقا و گرافیک لە ناو ڤیدیۆکاندا، ڕێژەی سەیرکردن و هاوبەشکردنی ناوەڕۆکەکان زیاد دەبێت و کاریگەرییەکی باشتر لەسەر وەرگر دروست دەکات.

بە گشتی، Reelsلە میدیای دیجیتاڵی کوردیدا نەک تەنها ئامرازێکە بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ، بەڵکو ڕۆڵێکی گرنگ لە دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان میدیا و جەماوەردا هەیە. بۆیە، نمونەی 964 Kurdiنیشان دەدات کە بەکارهێنانی کورتە ڤیدیۆ دەتوانێت هاوکارییەکی گەورە بکات لە زیادکردنی گەیشتن(Reach) ، بەشداریی (Engagement) و ناساندنی ناوەڕۆکی میدیایی لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

**کلیلە وشەییەکان:** کورتە ڤیدیۆ (Reels)، دیجیتاڵ میدیای کوردی ، تۆڕی میدیایی (Kurdi ٩٦٤).

## باسی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

### کێشەی توێژینەوە:

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بەهۆی گۆڕانی خێرای تەکنەلۆژیا و شێوازی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا، بینەران زیاتر مەیلیان بۆ بینینی کورتە ڤیدیۆکان (Reels) هەیە نەک ڤیدیۆ درێژەکان، لێرەدا کێشەکە ئەوەیە ئایا کەناڵی (٩٦٤ Kurdi) تا چەند توانیویەتی خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییەدا بگونجێنی؟ ئایا ئەم کورتە ڤیدیۆیانە تا چەند کاریگەرییان هەبووە لەسەر ڕاکێشانی سەرنجی بینەر و گەیاندنی پەیامی میدیایی لە فەیسبووک؟

توێژەران لەو سۆنگەیەوە ئەم پرسەی وەك كێشەیەكی ئامادە و دیار دەستنیشانكردووە بۆ توێژینەوە و دیراسەكردن بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجام و راسپاردەی پێویست لە بارەیەوە. كێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە كۆمەڵێك پرسیار كە پێوستییان بەوەڵامدانەوەی زانستی هەیە:

١. ئەو بابەتە سەرەكییانە چین كە دیجیتاڵ میدیایی (Kurdi ٩٦٤) لە ڕێگەی کورتە ڤیدیۆکانیانەوە (Reels) لە فەیسبووک تیشکی دەخاتە سەر؟
٢. ئاستی کارلێکی وەرگران (Engagement) لە ڕووی (لایک، کۆمێنت، شەیر) لەگەڵ کورتە ڤیدیۆکانی کەناڵەکە لە چ ئاستێکدایە؟
٣. جیاوازی و لێکچوونە هونەری و تەکنیکییەکان (وەک مۆنتاژ، گرافیک، و کوالێتی) لە نێوان کورتە ڤیدیۆکانی دیجیتاڵ میدیایی (Kurdi ٩٦٤) چین؟
٤. ئایا کورتە ڤیدیۆکان (Reels) تا چەند توانیویانە پەیامە میدیاییەکان بە شێوەیەکی خێراتر و کاریگەرتر بە وەرگر بگەیەنن لە چاو ڤیدیۆ ئاساییەکان؟
٥. ئایا جۆری بابەتەکان تا چەند کاریگەرییان هەیە لەسەر زیادکردنی ڕێژەی بینەری کورتە ڤیدیۆکانی ئەم کەناڵە.

## گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تیشک دەخاتە سەر نوێترین دیاردەی میدیایی لە ناو سۆشیاڵ میدیادا کە ئەویش (Reels)ە. ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت هاوکاری دامەزراوە میدیاییە کوردییەکان بکات بۆ تێگەیشتن لەوەی چ جۆرە ناوەڕۆکێکی کورت کاریگەری زیاترە، هەروەها دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ توێژەرانی بواری ڕاگەیاندن بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانکارییەکانی ڕەفتاری وەرگر لە هەرێمی کوردستان.

## ئامانجی توێژینەوە:

١. زانینی ئەو بابەتە سەرەکییانەی کە دیجیتاڵ میدیایی (Kurdi ٩٦٤) لە ڕێگەی کورتە ڤیدیۆکانیانەوە (Reels) لە فەیسبووک تیشکی دەخاتە سەر.
٢. دیاریکردنی ئاستی کارلێکی وەرگران (Engagement) لە ڕووی (لایک، کۆمێنت، شەیر) لەگەڵ کورتە ڤیدیۆکانی کەناڵی ناوبراو.
٣. زانینی ئاستی جیاوازی و لێکچوونە هونەری و تەکنیکییەکان (وەک مۆنتاژ، گرافیک، و کوالێتی) لە نێوان کورتە ڤیدیۆکانی دیجیتاڵ میدیایی (Kurdi ٩٦٤) .
٤. زانینی ئاستی کورتە ڤیدیۆکان (Reels) لە پەیامە میدیاییەکان بە شێوەیەکی خێراتر و کاریگەرتر کە بە وەرگر دەگەن لە چاو ڤیدیۆ ئاساییەکاندا.
٥. زانینی جۆری بابەتەکان و کاریگەرییان لەسەر زیادکردنی ڕێژەی بینەری کورتە ڤیدیۆکانی ئەم کەناڵە.

## جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکانە سەبارەت بە میتۆد، توێژەر پشت بە (میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک) دەبەستێت بۆ شیکردنەوەی ئەو ڤیدیۆیانەی لە پەیجی فەرمی کەناڵەکە بڵاو دەکرێنەوە.

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە تەواوی ئەو کورتە ڤیدیۆیانەی (Reels) لە پەیجی فەرمی دیجیتاڵ میدیایی (Kurdi ٩٦٤) لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوکراونەتەوە.

**نموونەی توێژینەوەکە:**

نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەی (نموونەی مەبەستدار هەڵدەبژێردرێت، کە بریتییە لەو کورتە ڤیدیۆیانەی (Reels) لە ماوەیەکی کاتی دیاریکراودا (کە یەک مانگە بەشێوەی مانگی دەستکرد) وەرگیراوە لە پەیجی کەناڵەکە بڵاو کراونەتەوە.

**ئامرازی کۆکردنەوە زانیاری:**

ئامرازی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە (فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک. ئەم فۆرمە لەلایەن توێژەرەوە ئامادە دەکرێت، چەند جۆرێکی تێدایە وەک: (جۆری بابەت، کاتی ڤیدیۆ، ئاستی کارلێک، تەکنیکی بەکارهاتوو، شێوازی گەیاندنی زانیاری).

**بواری توێژینەوەکە:**

١ .بواری بابەتگیری: شیکردنەوەی ناوەڕۆک و کاریگەری کورتە ڤیدیۆکانی (Reels) لە فەیسبووک.

٢ .بواری شوێن: پەیجی فەرمی دیجیتاڵ میدیایی (Kurdi ٩٦٤) لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک.

٣ .بواری کات: ئەو ماوەیە دەگرێتەوە کە توێژەر بۆ شیکردنەوەی ڤیدیۆکان دیاریی دەکات (بۆ نموونە: لە ڕێکەوتی ٢٠٢٦/٢/١ تاوەکو ٢٠٢٦/٣/١

**توێژینەوەکانی پێشوو:**

**١- توێژینەوەی (د. ريهام مرزوق إبراهيم عبدالدايم)، بەناونیشانی، (:اتجاهات الجمهور المصري نحو مقاطع الفيديو القصيرة "Shorts - Reels" للدعاة عبر مواقع التواصل الاجتماعي، بحث منشور (مجلة التربية النوعية والتكنولوجيا)، زانکۆی کەفر شێخ في، ٢٠٢٣).**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە، بۆ گەیشتن بە داتا و زانیارییەکانیش ڕێبازی ڕووپێوی بەکارهاتووە، کۆمەڵگە و سمپڵی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە جەماوەری میسری (بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە میسرکە بینەری ڤیدیۆ و ناوەڕۆکە ئاینییەکانی بانگخوازانن. نموونەی توێژینەوە توێژەر نموونەیەکی لە جەماوەری میسری وەرگرتووە کە ژمارەیان ٤٠٠کەسە. ئەم نموونەیە لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی بە شێوەی سامپڵی مەبەستدار لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەستنیشانکراون.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

لە گرنگترین ئامانجەکانی بریتییە: دیاریکردنی ڕادەی بینینی ڤیدیۆی کورتە ڤیدیو (ریل)ی بانگخوازان لەلایەن جەماوەری میسرییەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.: ناسینی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانەی (وەک یوتیوب، فەیسبووک، تیکتۆک) کە جەماوەر زیاتر بەکاریان دەهێنن بۆ شوێنکەوتنی ڤیدیۆ ئاینییەکان. زانینی ئەو هۆکار و پاڵنەرانەی کەوا لە جەماوەر دەکات سەیری ئەو جۆرە ڤیدیۆیانە بکەن (پاڵنەری زانیاری، سۆزداری، یان ڕەفتاری).

هەروەها لە گرنگترین ئەنجامەکانی: توێژینەوەکە دەریخست کە پەیوەندییەکی ئەرێنی و مانادار هەیە لە نێوان چڕی سەیرکردنی ڤیدیۆ کورتەکان و ئاڕاستەی ئەرێنی جەماوەر بەرامبەریان؛ واتە هەرچەندە زیاتر سەیری بکەن، زیاتر پەسەندی دەکەن، هەروەها زۆرینەی بەشداربووان ئەم کورتە ڤیدیۆیانە بە سەرچاوەیەکی خێرا و کاریگەر دەزانن بۆ وەرگرتنی زانیاری ئاینی بە شێوازێکی مۆدێرن. لەگەڵ ئەوەشدا دەرکەوت کە پلاتفۆرمە جیاوازەکان (وەک Facebook Reels و YouTube Shorts) ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە گەیاندنی پەیامی بانگخوازان بە گەنجان.

٢- **توێژینەوەی ( آل سيد الشيخ فاطمة .مرتاض نفوسي لمياء )، بەناونیشانی، (أهمية الصورة المتحركة والفيديو القصير في نشر ثقافة التواصل المرئي عبر تطبيق تيك توك - دراسة تحليلية لعينة من الفيديوهات المتداولة على المنصة، توێژینەوەی بڵاوکراوە، ٢٠٢٤).**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی (وەسفییە)، بۆ گەیشتن بە داتا و زانیارییەکانیش ڕێبازی (شیکردنەوەی ناوەڕۆک) بەکارهاتووە، کۆمەڵگە و سامپڵی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە ڤیدیۆکانی تیکتۆک تایبەت بە کەسە بەناوبانگەکانی تیکتۆک، ماوەکەی نێوان ١٥ تا ٦٠ چرکە وەرگیراوە لەماوەی سێ مانگدا . لە گرنگترین ئامانجەکانی بریتییە لە (دیاریکردنی گرنگی و ڕۆڵی ڤیدیۆی کورت لە بڵاوکردنەوەی کەلتووری پەیوەندی بینراو و کاریگەری لەسەر بەکارهێنەران). گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، (کورتە ڤیدۆکان کاریگەری گەورەیان هەیە لە گۆڕینی شێوازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بۆ شێوازێکی بینراوی خێرا، و تیکتۆک بەهۆی ئاسانی بەکارهێنانیەوە بووەتە ژینگەیەکی لەبار بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکان.

٣- **توێژینەوەی (نسمة إمام سليمان حسين، ٢٠٢٤) بەناونیشانی "تعرض الجمهور لمقاطع الفيديو القصيرة (Instagram Reels / YouTube Shorts) وعلاقته باكتساب المهارات والتعلم.**

ئەم توێژینەوەیە بە ئامانجی دیاریکردنی پەیوەندی نێوان تەماشاکردنی ڤیدیۆ کورتەکان و بەدەستهێنانی کارامەیی و فێربوون ئەنجامدراوە. توێژەر میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێناوە و لێکۆڵینەوەکەی لەسەر نموونەیەکی مەبەستداری (٣٨٨) کەسی لە بەکارهێنەرانی (Instagram Reels و YouTube Shorts) جێبەجێ کردووە، بە پشتبەستن بە مۆدێلێکی پەرەپێدراو لە "نموونەی کۆلب بۆ فێربوونی ئەزموونی". گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتی بوون لە: ناسینی کاریگەری گێڕانەوەی چیرۆکی بینراو لەسەر پاراستنی کارامەییەکان، و ڕۆڵی ناوەڕۆکی دروستکراو لەلایەن بەکارهێنەرانەوە لە گواستنەوەی ئەزموونەکاندا.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخستووە کە ڤیدیۆ کورتەکان توانایەکی بەهێزیان هەیە لە فێرکردنی بەکارهێنەران و بەدەستهێنانی ئەو کارامەییانەی کە مەبەستیانە، بەو مەرجەی ڕەچاوی تێهەڵکێشبوونی هۆکارەکانی وەک (تایبەتمەندییەکانی ناوەڕۆک، جۆری پلاتفۆرمەکە، و

سیفاته‌كانی به‌كارهێنه‌ر) بكرێت له‌ پرۆسه‌ی فێربوونه‌كه‌دا. هه‌روه‌ها توێژینه‌وه‌كه‌ جه‌ختی له‌وه‌ كردووه‌ته‌وه‌ كه‌ توخمه‌ كارلێككه‌ره‌كان له‌م پلاتفۆرمانه‌دا ده‌بنه‌ هۆی زیادبوونی به‌شداریكردن و گه‌شه‌پێدانی كارامه‌ییه‌كان.

**سوود وه‌رگرتن له‌ توێژینه‌وه‌كانی پێشوو**

- له‌ دیاریكردن و به‌ش به‌شكردنی به‌ش و ته‌وه‌ره‌كانیان.
- له‌ زانینی و دیاریكردنی داتاو وه‌رگرتنی نموونه‌ و كۆمه‌ڵگه‌ی توێژینه‌وه‌كان.
- دانان و دیاریكردنی ده‌رئه‌نجام و چۆنییه‌تی پێشنیار و راسپارده‌كان.

ئامرازی كۆكردنه‌وه‌ زانیاری: ئامرازه‌كانی كۆكردنه‌وه‌ی زانیاری له‌م توێژینه‌وه‌یه‌دا بریتییه‌ له‌ فۆرمی شیكردنه‌وه‌ی ناوه‌رۆك، كه‌ پێكهاتووه‌ له‌ (٧) پرسیار له‌ خۆده‌گرێت، بۆ پشتڕاستكردنه‌وه‌ و ڕاستی و دروستی فۆرمه‌كه‌ش توێژه‌ر پشتی به‌ (٣) پسپۆڕو شاره‌زا له‌ بواره‌كانی (میدیا )[1] به‌ستووه‌, به‌پێ هه‌ڵسه‌نگاندنی ئه‌و (٣) پسپۆره‌ بۆ كۆی برگه‌ و پرسیاره‌كانی فۆرمی راپرسییه‌كه‌ ده‌ركه‌وت كه‌ راستی فۆرمی راپرسییه‌كه‌ ده‌كاته‌ (%٩١,٢٦)

باسی دووه‌م: پێناسه‌ و جۆره‌كانی ریلز (Reels)

**یه‌كه‌م/ پێناسه‌ی كورته‌ ڤیدیۆ (Reels)**

ڤیدیۆی كورت ( Reels)له‌سه‌ر تۆڕه‌ كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان جیاوازه‌ له‌ میدیا باوه‌كان (كلاسیكییه‌كان) به‌هۆی ئاسانی به‌رهه‌مهێنانی، چونكه‌ پێویستی به‌ لێهاتوویی وێنه‌گرتنی پرۆفیشناڵ نییه‌، هه‌روه‌ها رێگه‌ ده‌دات به‌ پارچه‌پارچه‌كردنی زانیارییه‌كان، بۆیه‌ ڤیدیۆ كورته‌كان رێژه‌یه‌كی زۆری بینه‌ریان هه‌یه‌. (أبراهیم ٢٠٢٣، ١١٤)

كورته‌ ڤیدیۆ (ڕیلز): یه‌كێكه‌ له‌ جۆره‌ نوێیه‌كانی ناوه‌ڕۆكی میدیایی له‌ تۆڕه‌ كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان، كه‌ پێكهاتووه‌ له‌ ڤیدیۆی ستوونی (Vertical) كورت كه‌ ماوه‌كه‌ی له‌ نێوان (١٥ بۆ ٩٠) چركه‌دایه‌. ئه‌م جۆره‌ ڤیدیۆیانه‌ پشت به‌ ته‌كنیكی خێرا، مۆسیقای باكگراوند، و كاریگه‌رییه‌ بینراوه‌كان ده‌به‌ستن بۆ ڕاكێشانی سه‌رنجی وه‌رگر له‌ كه‌مترین كاتدا، هه‌روه‌ها به‌وه‌ جیاده‌كرێته‌وه‌ له‌ ڕێگه‌ی زیره‌كی ده‌ستكرده‌وه‌ (Algorithms) ده‌گاته‌ زۆرترین بینه‌ر نه‌ك ته‌نها شوێنكه‌وتووه‌كانی په‌یجه‌كه‌. (ئه‌یڤه‌س، ٢٠٢٢، ل٨٥)

كورته‌ ڤیدیۆ (Reels) واته‌: شێوازی بڵاوكردنه‌وه‌ی ناوه‌ڕۆكه‌ له‌ پلاتفۆرمه‌كانی كۆمپانیا مێتا (فه‌یسبووك و ئینستاگرام). ئه‌م شێوازه‌ له‌ ناوه‌ڕۆك به‌ ڤیدیۆی ستوونی (Vertical Video) كورت ده‌ناسرێته‌وه‌ كه‌ ماوه‌كه‌ی له‌ نێوان ١٥ بۆ ٩٠ چركه‌دایه‌.

كورته‌ ڤیدیۆ (ڤیدیۆی Reels) له‌گه‌ڵ گه‌شه‌سه‌ندنی خێرای ته‌كنه‌لۆژیای مۆبایله‌ زیره‌كه‌كان و فراوانبوونی بازاڕی ئه‌پڵیكه‌یشنه‌كان (وه‌ك Play Store و App Store)، شێوازی كارلێك و

[1]* ناوی هه‌ڵسه‌نگێنه‌ران:
1. پ.د. كاروان محه‌مه‌د حه‌سه‌ن - به‌شی راگه‌یاندن، كۆلێژی زانسته‌مرۆڤایه‌تییه‌كان، زانكۆی سلێمانی.
2. پ.ی.د. ئه‌كره‌م فه‌رهیدون حه‌مه‌ئه‌مین - به‌شی راگه‌یاندن، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سه‌لاحه‌دین.
3. پ.ی.د. ظاهر حه‌مه‌ده‌مین سابر – به‌شی ته‌كنیكی میدیا، كۆلێژی ته‌كنیكی كارگێری هه‌ولێر ، زانكۆی پۆلی ته‌كنیكی هه‌ولێر.

تێرکردنی پێداویستییەکانی بەکارهێنەران گۆڕانکاری بنەڕەتی بەخۆیەوە بینی. دیارترین و نوێترین ڕەوتی ئەم گۆڕانکارییە، دەرکەوتنی ئەپڵیکەیشنەکانی کورتە ڤیدیۆ (وەک ڕیڵز و هاوشێوەکانی) بوو؛ کە بەهۆی پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی خێرا و سەرنجڕاکێش، توانیویانە بەبێ گوێدانە جیاوازی تەمەن و ئاستی کۆمەڵایەتی، سەرنجی بەکارهێنەران ڕابکێشن و ببنە ئامرازێکی سەرەکی بۆ کاتبەسەربردن، بەدەستهێنانی ناوبانگ، و پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی."

(فولی، ٢٠٢٠، ٤١٩)

دەتوانین بڵێین لەو کاتەوە تەشەنەی سەندوە وبڵاوبووەتەوە، کە لەگەڵ دروست بوونی تیکتۆک، لەدوای ئەوە هەست کرا کاردانەوەی بینەری بۆ ئەم جۆرە ڤیدیویانە ئەرێنیە لەو کاتەوە تیشک خرایە سەری و بووە بە بابەتیک لە کەناڵەکانی راگەیاندن وسۆشیاڵ میدیای تر بەکار بهێنرێت. (نشأت، ٢٠٢٥ ، ١١٥)

کورتە ڤیدیۆ (Reels) نوێترین شێوازی بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکە لە پلاتفۆرمەکانی کۆمپانیا مێتا (فەیسبووک و ئینستاگرام). ئەم شێوازە لە ناوەڕۆک بە ڤیدیۆی ستوونی ( Vertical Video) کورت دەناسرێتەوە کە ماوەکەی لە نێوان ١٥ بۆ ٩٠ چرکەدایە. لە ڕووی زانستییەوە، ڕیڵز بەشێکە لە "ناوەڕۆکی ڤیدیۆیی خێرا" (Fast-form Video Content) کە ئامانجی ڕاکێشانی سەرنجی بەکارهێنەرە لە کەمترین ماوەدا لە ڕێگەی مۆسیقا، مۆنتاژی خێرا و کاریگەرییە بینراوەکان. (Haenlein,2020, 45)

لە ڕووی زانستییەوە، ڕیڵز بەشێکە لە "ناوەڕۆکی ڤیدیۆیی خێرا بەکارهێنەرە لە کەمترین ماوەدا لە ڕێگەی مۆسیقا، مۆنتاژی خێرا و کاریگەرییە بینراوەکان. (Ellison,2019, 112)

**دووەم / تایبەتمەندییەکانی کورتە ڤیدیۆ (Reels)**

- **کورتی و خێرایی:**

ئەم ڤیدیۆیانە بەوە جیا دەکرێنەوە کە کاتەکەیان زۆر کورتە (لە نێوان ١٥ بۆ ٩٠ چرکە)، ئەمەش لەگەڵ کەمبوونەوەی ماوەی سەرنجدانی مرۆڤ لە سەردەمی دیجیتاڵیدا دەگونجێت. (بدير جامعة الازهر ٢٠٢٣، ٥٥٩).

- **شێوازی وێنەگرتن ستوونییە**

ئەم ڤیدیۆیانە بە شێوازی ستوونی (Vertical) و بە ڕێژەی (٩:١٦) دروست دەکرێن کە تایبەتە بە مۆبایل، هەروەها ئامرازە ناوخۆییەکانی وەک فلتەر و مۆسیقا وا دەکات هەر بەکارهێنەرێک بتوانێت بە ئاسانی بەرهەمی بهێنێت. (السيد ٢٠٢٥، ٢٥).

- **سەرنج راکێش و گۆشەی جیاواز:**

ڤیدیۆکانی ڕیڵز (Reels) پشت بە وێنەی جوڵاوی خێرا، گۆشەکانی وێنەگرتنی سەرنجڕاکێش و جیاواز، بەتایبەت ماوەی چرکە یەکەمەکانی ڤیدیۆکەدا.

(Bakhshi,2014, 965)

- **پشتبەستن بە دەنگ و مۆسیقا**

ڕێژەیەکی زۆری ڤیدیۆ کورتەکان لەسەر بنەمای پارچە دەنگی سروشتی و مۆسیقایە باوەکان (ترێندەکان) دروست دەکرێن، دەنگ یارمەتیدەرە بۆ چەسپاندنی ناوەڕۆک لە یادەوەریدا و زیادکردنی ئەگەری بڵاوکردنەوەی. (Diana Zulli,2020, 92 )



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

- **کارتێکردنی سۆزداری و کورتە چیرۆک گێڕانەوە ( Emotional Appeal & Micro Story telling)**

ڕیلزەکان پشت بە ورووژاندنی خێرای هەستەکان دەبەستن (خۆشی، سەرسامی، هاوسۆزی و گێڕانەوەی کورت کاریگەریی پەیامەکە زیاد دەکات، تەنانەت لە ماوەیەکی کەم و دیاریکراویشدا. (Papacharissi, 2015, 111)

- **گونجان لەگەڵ ئالگۆریتمەکان**

گونجان لەگەڵ ئالگۆریتمەکان واتە ناوەڕۆکی ڕیلز (یان هەر ڤیدیۆیەکی کورت) بە جۆرێک دیزاین بکرێت، کە لەگەڵ شێوازی کارکردنی پلاتفۆرمەکاندا (وەک ئینستاگرام، تیکتۆک، یوتیوب شۆرتس) بگونجێت. (نشأت, ٢٠٢٥ , ١١٦)
بە واتایەکی تر: دروستکەری ناوەڕۆک تەنیا گرنگی بە کوالێتی (جۆرایەتی) ڤیدیۆکە نادات، بەڵکو گرنگی بەوەش دەدات چۆن ڤیدیۆکە لەگەڵ یاساکانی پلاتفۆرمەکەدا یەکدەگرێتەوە. (Bucher, 2018, 52)

**١- جۆرەکانی ڤیدیۆی کورت (Reels):**

- **ڤیدیۆی فێرکاری و ڕێنمایی:**

ئەم جۆرە تیشک دەخاتە سەر فێربوونی خێرا، وەک (How-to) یان زانیاری گشتی لە ماوەیەکی کەمدا.

- **ڤیدیۆی کات بەسەربردن و کۆمیدی:**

ئامانجی سەرەکی دلخۆشکردن و کات بەسەربردنی بینەرە، زۆربەی کات ترێند و ئاوازە باوەکان بەکاردێنن (V. Kumar, 2021, 12 )

- **ڤیدیۆی بازاڕگەری و براندینگ:**

تایبەتە بە ناساندنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش و خێرا بۆ ڕاکێشانی کڕیار (Chaffey, 2022, 532 )

- **ڤیدیۆی ئیلهام بەخش و هاندان:**

ئەو ڤیدیۆیانەی کە وتەی کاریگەر یان چیرۆکی سەرکەوتن لەخۆ دەگرن بۆ بەرزکردنەوەی ورەی بینەر.

- **ڤیدیۆی پشت پەردە و شێوازی ژیان:**

پیشاندانی ژیانی ڕاستەقینەی کەسەکان یان چۆنیەتی کارکردنی کۆمپانییاکان، کە پەیوەندییەکی مرۆیی لەگەڵ بینەر دروست دەکات(محمد، ٢٠٢٠، ١١٨).

- **ڤیدیۆی چالنج و ترێند:**

ڤیدیۆی کورتەی چالنج و ترێند ئەو جۆرە ڤیدیۆیانەن لەسەر بنەمای دووبارەکردنەوە، لەبەرگرتنەوە و شوێنکەوتنی ترێندی دیجیتاڵ دروست دەبن. بەکارهێنەران هەمان دەنگ، جوڵە یان شێواز دووبارە دەکەنەوە، کە ئەمە هۆکاری سەرەکیی بڵاوبوونەوەی خێرا و viral بوونی ئەم جۆرە ڤیدیۆیانەیە (. Diana Zulli, 2020, 101).

- **کورتە ڤیدیوی هەواڵی:**

بریتین لەو گرتە ڤیدیۆییانەی کە هەواڵەکان یان ڕووداوە هەنووکەییەکان بە شێوازێکی خێرا و چڕوپڕ دەگوازنەوە، و لە لایەن دامەزراوە میدیاییەکانەوە بەکاردێن بۆ گەیشتن بەو جەماوەرەی کە حەزیان بە ناوەڕۆکی درێژ نییە (Newman, 2023).

**سێیەم / ئامانجەکانی کورتە ڤیدیۆ (Reels):**

- **زیادکردنی ڕێژەی کارلێک:**

ئامانجی سەرەکی Reels ئەوەیە کە بەکارهێنەر هان بدات بۆ کارلێکی خێرا (لایک، کۆمێنت، شەیر). بەهۆی کورتی کاتەکەی، بینەر ئەگەری زۆرترە تا کۆتایی سەیری بکات ( V. Kumar, 2021, 88

- **فراوانکردنی مەودای گەیشتن:**

کورتە ڤیدیۆکان (Reels) تەنها بۆ فۆڵۆوەرەکان پیشان نادرێن، بەڵکو ئەلگۆریتمەکان بەکاردێن بۆ گەیاندنی ڤیدیۆکە بەو کەسانەی کە هێشتا پەیجەکەیان فۆڵۆو نەکردووە، ئەمەش ئامانجی گەشەپێدانی خێرای هەژمارەکانە (Smith,2022, 112)

- **گەیاندنی زانیاری خێرا:**

بەکاردێت بۆ گەیاندنی پەیامی خێرا یان فێرکارییەکی خێرا کە لە چەند چرکەیەکدا پوختە دەکرێتەوە، ئەمەش گونجاوە بۆ ئەو بەکارهێنەرانەی کاتی کەم یان سەرنجی کورتیان هەیە.

- **برەودان بە ناساندنی براند:**

کۆمپانیاکان Reels بەکاردێنن بۆ ئەوەی ناسنامەی براندەکەیان بە شێوەیەکی بینراو و سەرنجڕاکێش بچەسپێنن، بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکرێت کە ریکلامی ڕاستەوخۆیە ( Miller, 2021, 101)

**باسی سێیەم: لایەنی مەیدانی**

**شیکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسی و خستنە ڕووی زانیارییەکانی توێژینەوە**

سامپڵی ئەم توێژینەوە بریتییە لە سەرجەم ئەو پارچە ڤیدیۆیانەی کە لە پەیجی (964 Kurdi) ، کە ژمارەیان (١٤٢) پارچە ڤیدییە بە شێوەی مانگی دەستکرد (الشهر الصناعي) وەرگیراوە لە ماوەی ١ مانگدا، کە لە 2026/2/1 تاکو 2026/3/1. دیاریکراو.

**خشتەی (١) پۆلێنکردنی جۆری ناوەڕۆکی ڕیلەکانی پەیجی (Kurdi ٩٦٤) ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەواڵ و ڕووداوی خێرا | 19 | 13.4 | دووەم |
| 2 | کورتە ڤیدیۆی هەواڵی | 42 | 29.6 | یەکەم |
| 3 | ناساندن و بەنێودەوڵەتی کردن | 4 | 2.8 | نۆیەم |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 4 | بازارگەری و براندیگ | 14 | 9.9 | پێنجەم |
| 5 | زانیاری گشتی و فێرکاری | 17 | 11.9 | چوارەم |
| 6 | ئیلهام بەخش و هاندان | 7 | 4.9 | حەوتەم |
| 7 | پشت پەردەو شێوازی ژیان | 5 | 3.6 | هەشتەم |
| 8 | ژیانی سۆشیاڵ میدیا و ترێندەکان | 0 | 0 | یازدەهەم |
| 9 | بابەتی هونەری | 10 | 7.1 | شەشەم |
| 10 | بابەتی نەتەوایەتی | 18 | 12.6 | سێیەم |
| 11 | بابەتی کۆمەڵایەتی | 0 | 0 | یازدەهەم |
| 12 | بابەتی ئاینی | 5 | 3.5 | هەشتەم |
| 13 | بابەتی وەرزشی | 1 | 0.7 | دەیەم |
| | کۆی گشتی | 142 | 100% | |

بەپێی خشتەی (١) لە وەڵامی پرسیاری جۆری ناوەڕۆک بۆ نموونەی توێژینەوەکە ڕوون بووەتەوە، کە زۆرترین نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (کورتە ڤیدیۆی هەواڵ) کە بە دووبارەبوونەوەی (٤٢) جار و بە ڕێژەی سەدی(٢٩,٦٪ ) لە پلەی یەکەمدا دێت. لە بەرامبەردا، کەمترین نموونەی توێژینەوەکە لە هەریەکە لە گۆڕاوەکانی (ژیانی سۆشیاڵ میدیا و ترێندەکان) و (بابەتی کۆمەڵایەتی) تۆمارکراوە، کە ژمارەی دووبارەبوونەوەیان (٠) بووە و هیچ ڕێژەیەکیان بەدەست نەهێناوە.

ئەم ئەنجامە دەیسەلمێنێت کە پەیجی (964 Kurdi)کورتە ڤیدیۆکانی (Reels) تەنها وەک ئامرازێکی پیشەیی بۆ گەیاندنی "زانیاری و هەواڵ "بەکاردەهێنێت، نەک بۆ کات بەسەربردن یان پەیڕەوکردنی ترێندە باوەکانی سۆشیاڵ میدیا.

**خشتەی(٢) تایبەتمەندییەکانی ڕیلز و پەیجی (Kurdi ٩٦٤) ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | نوسینی سەربەرگ (Thumbnail) | 139 | 35.3 | یەکەم |
| 2 | میوزیکی ترێند | 25 | 6.3 | شەشەم |
| 3 | کۆتایی سەرنج راکێش (call to action + Branding) | 30 | 7.6 | چوارەم |
| 4 | نوسینی سەر ڤیدیۆ (Subtitles) | 8 | 2 | هەشتەم |
| 5 | بڕینی خێرا (Fast Cut) | 25 | 6.4 | شەشەم |
| 6 | بەکارهێنانی (Effects - Transition) | 6 | 1.5 | نۆیەم |
| 7 | شاشەی دابەشکراو (Split Screen) | 54 | 13.7 | سێیەم |
| 8 | چاوپێکەوتن (Interview) | 65 | 16.5 | دووەم |
| 9 | بەکارهێنانی گرافیک | 2 | 0.5 | دەیەم |
| 10 | Unedited | 10 | 2.5 | حەوتەم |
| 11 | Visual Hook | 29 | 7.3 | پێنجەم |
| | کۆی گشتی | 393 | 100% | |

بەپێی خشتەی (٢) لە وەڵامی پرسیاری تایبەت بە تایبەتمەندییەکانی ڕیلز لە پەیجی (964 Kurdi)ڕوون بووەتەوە کە زۆرترین نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (نوسینی سەربەرگ - Thumbnail)کە بە دووبارەبوونەوەی (١٣٩)جار و بە ڕێژەی سەدی (٣٥,٣٪) لە پلەی

یەکەمدا دێت. لە بەرامبەردا، کەمترین نموونەی توێژینەوەکە لە گۆڕاوی (بەکارهێنانی گرافیک) تۆمارکراوە کە تەنها (٢) دووبارەبوونەوەی هەبووە بە ڕێژەی سەدی (٠,٥٪).

ئەم ئەنجامە ئاماژەیە بۆ ئەوەی پەیجی **(964 Kurdi)** لە بڵاوکردنەوەی کورتە ڤیدیۆکانیدا بایەخێکی سەرەکی بە "ڕاکێشانی سەرنجی بینەر لە چرکەی یەکەمدا" دەدات لە ڕێگەی وێنەی سەربرگەوە، بەڵام کەمتر پشت بە بەکارهێنانی گرافیکی ئاڵۆز دەبەستێت و زیاتر جەخت لەسەر وێنە و ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان دەکاتەوە.

**خشتەی(٣) ماوەی کاتی ڤیدیۆ ڕیلەکانی (Kurdi ٩٦٤) ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ١٥ تا ٣٠ چرکە | 19 | 13.3 | چوارەم |
| 2 | ٣١ تا ٦٠ چرکە | 40 | 28.2 | دووەم |
| 3 | ٦١ تا ٩٠ چرکە | 28 | 19.8 | سێیەم |
| 4 | ٩١ و زیاتر | 55 | 38.7 | یەکەم |
| | کۆی گشتی | 142 | 100% | |

بەپێی خشتەی (٣) لە وەڵامی پرسیاری تایبەت بە ماوەی کاتی ڤیدیۆ ڕیلەکان، ڕوون بووەتەوە کە زۆرترین نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە ماوەی (٩١ چرکە و زیاتر کە بە دووبارەبوونەوەی )٥٥ (جار و بە ڕێژەی سەدی (٣٨,٧٪) لە پلەی یەکەمدا دێت. لە بەرامبەردا، کەمترین نموونەی توێژینەوەکە لە گۆڕاوی ماوەی (١٥ تا ٣٠ چرکە) تۆمارکراوە کە تەنها (١٩) دووبارەبوونەوەی هەبووە بە ڕێژەی سەدی (١٣,٣٪).

ئەم ئەنجامە دەریدەخات کە پەیجی (964 Kurdi) مەیلی بەرەو بەکارهێنانی "ماوەی درێژتر" هەیە لە کورتە ڤیدیۆکانیدا (لە سەرووی ٩٠ چرکە). ئەمەش لەگەڵ سروشتی کارەکەیان وەک پەیجێکی هەواڵی و دۆکیۆمێنتاری دەگونجێت، چونکە گەیاندنی زانیاریی ورد و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن پێویستی بە کاتی زیاترە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە لای ئەوان "قووڵیی ناوەڕۆک" لە پێش "کورتیی کات" ەوەیە.

**خشتەی(٤) ئاستی کارلێکی جەماوەری لەگەڵ ڕیلەکانی (Kurdi ٩٦٤) ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | گۆڕاو | Like | Comment | Share | Views | ژمارەی ڤیدیۆکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هەفتەی یەکەم | 43146 | 1182 | 319 | 1185000 | 29 |
| 2 | هەفتەی دووەم | 30318 | 562 | 131 | 1181300 | 34 |
| 3 | هەفتەی سێیەم | 36807 | 926 | 367 | 1271300 | 41 |
| 4 | هەفتەی چوارەم | 88113 | 3465 | 874 | 1546600 | 38 |
| | کۆی گشتی | | | | | 142 |

بەپێی خشتەی (٤) لە وەڵامی پرسیاری تایبەت بە ئاستی کارلێکی جەماوەر لەگەڵ ڕیلەکانی (964 Kurdi)، ڕوون بووەتەوە کە زۆرترین ئاستی کارلێک لە )هەفتەی چوارەم (تۆمارکراوە، کە تێیدا ژمارەی لایکەکان گەیشتووەتە )٨٨١١٣ (و ژمارەی بینین (Views) گەیشتووەتە لوتکە بە

(١٥٤٦٦٠) بینین. لە بەرامبەردا، کەمترین ئاستی کارلێکی جەماوەری لە هەفتەی دووەم تۆمارکراوە، کە تێیدا کەمترین ڕێژەی لایک (٣٠٣١٨) و کەمترین ڕێژەی کۆمێنت و بڵاوکردنەوەی (Share) تێدا تۆمارکراوە.

ئەم ئەنجامانە دەریدەخەن کە پەیجی (964 Kurdi)خاوەنی گەیشتنێکی (Reach) زۆر بەهێزە، بە جۆرێک لە هەموو هەفتەکاندا ڕێژەی بینینی ڤیدیۆکانی لە ملیۆنێک تێپەڕی کردووە. هەروەها سەرکەوتنی هەفتەی چوارەم لە ڕووی کارلێکەوە (سەرەڕای ئەوەی ژمارەی ڤیدیۆکانی کەمترە لە هەفتەی سێیەم) ئەوە دەسەلمێنێت کە "جۆری بابەت و کوالێتی ناوەڕۆک "فاکتەری سەرەکین لە ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر، نەک تەنها زۆریی ژمارەی بڵاوکردنەوەکان.

**خشتەی (٥) شیکردنەوەی جۆری ناوەڕۆک بەپێی جوگرافیایی ناوچەیی روون دەکاتەوە**

| ژ | گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ڤیدیۆی ناوخۆیی | 128 | 90.1 | یەکەم |
| 2 | ڤیدیۆی هەرێمایەتی | 4 | 2.8 | سێیەم |
| 3 | ڤیدیۆیی جیهانی | 10 | 7.1 | دووەم |
| | کۆی گشتی | 142 | 100% | |

بەپێی خشتەی (٥) لە وەڵامی پرسیاری تایبەت بە پۆلێنکردنی جۆری ناوەڕۆک بەپێی جوگرافیا، ڕوون بووەتەوە کە زۆرترین نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (ڤیدیۆی ناوخۆیی) کە بە دووبارەبوونەوەی (١٢٨) جار و بە ڕێژەی سەدی (٩٠,١٪) لە پلەی یەکەمدا دێت. لە بەرامبەردا، کەمترین نموونەی توێژینەوەکە لە گۆڕاوی )ڤیدیۆی هەرێمایەتی (تۆمارکراوە کە تەنها )٤ (دووبارەبوونەوەی هەبووە بە ڕێژەی سەدی (٢,٨٪).

ئەم ئەنجامە دەریدەخات کە پەیجی (964 Kurdi)ستراتیژییەتی "خۆجێیبوون " (Localization)پەیڕەو دەکات و زۆربەی هەرە زۆری بایەخەکانی تەرخان کردووە بۆ ڕووداوە نێوخۆییەکان. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی پەیجەکە دەیەوێت وەک میدیایەکی نزیک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و گواستەرەوەی دەنگی ناوخۆ دەربکەوێت، کە ئەمە فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ بەدەستهێنانی متمانە و دروستکردنی کارلێکی بەهێز لەگەڵ جەماوەری ئامانجدا.

**خشتەی(٦) شیکردنەوەی پێکهاتەی دەنگی لە ڕیلەکانی (Kurdi ٩٦٤) روون دەکاتەوە**

| ژ | گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دەنگی سروشتی ڕووداوەکە | 39 | 27.5 | دووەم |
| 2 | دەنگی بێژەر (Voiceover) | 66 | 46.5 | یەکەم |
| 3 | بەکارهێنانی میوزیکی دەرەکی | 37 | 26 | سێیەم |
| | کۆی گشتی | 142 | 100% | |

بەپێی خشتەی (٦) لە وەڵامی پرسیاری تایبەت بە پێکهاتەی دەنگی لە ڕیلەکانی پەیجی (964 Kurdi)، ڕوون بووەتەوە کە زۆرترین نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە گۆڕاوی )دەنگی بێژەر - Voiceover(کە بە دووبارەبوونەوەی (٦٦) جار و بە ڕێژەی سەدی (٤٦,٥٪) لە پلەی یەکەمدا دێت. لە بەرامبەردا، کەمترین نموونەی توێژینەوەکە لە گۆڕاوی )بەکارهێنانی میوزیکی دەرەکی (تۆمارکراوە کە (٣٧) دووبارەبوونەوەی هەبووە بە ڕێژەی سەدی (٢٦٪).

ئەم ئەنجامانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پەیجی (964 Kurdi)لە بەرهەمهێنانی ڕیلزەکانیدا زیاتر پشت بە "گێڕانەوەی زانیاری" دەبەستێت لە ڕێگەی دەنگی بێژەرەوە، ئەمەش وادەکات پەیامەکە بۆ وەرگر ڕوونتر و تێگەیشتووتر بێت. هەروەها ڕێژەی بەرچاوی دەنگی سروشتی ڕووداوەکان لە پلەی دووەمدا، نیشانەی بایەخدانی پەیجەکەیە بە گواستنەوەی واقیعیانەی دیمەنەکان و دروستکردنی کەشێکی ڕاستەقینە بۆ بینەر لە کاتی بینینی ڤیدیۆک

**خشتەی(٧) کاریگەری ڕیلەکانی (Kurdi ٩٦٤) لەسەر جۆری ورژاندنی هەستی بینەر ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ورژاندنی سۆزداری هاوسۆزی | 34 | 23.9 | دووەم |
| 2 | ورژاندنی عەقڵی (زانیاری و فاکت) | 75 | 52.8 | یەکەم |
| 3 | ورژاندنی سەرنج (سەرسامی) | 17 | 12 | سێیەم |
| 4 | ئیلهام بەخش و گۆڕانکاری لە ژیان | 1 | 0.7 | پێنجەم |
| 5 | کاتبەسەربردن و خەندەو شادی | 15 | 10.6 | چوارەم |
| | کۆی گشتی | 142 | 100% | |

بەپێی خشتەی (٧) لە وەڵامی پرسیاری تایبەت بە کاریگەری ڕیلەکان لەسەر جۆری ورژاندنی هەستی بینەر، ڕوون بووەتەوە کە زۆرترین نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە گۆڕاوی(ورژاندنی عەقڵی - زانیاری و فاکت) کە بە دووبارەبوونەوەی (٧٥) جار و بە ڕێژەی سەدی (٥٢,٨٪) لە پلەی یەکەمدا دێت. لە بەرامبەردا، کەمترین نموونەی توێژینەوەکە لە گۆڕاوی )ئیلهام بەخش و گۆڕانکاری لە ژیان (تۆمارکراوە کە تەنها )١ (دووبارەبوونەوەی هەبووە بە ڕێژەی سەدی (٠,٧٪).

ئەم ئەنجامە دەیسەلمێنێت کە پەیجی (964 Kurdi)پەیڕەوی ستراتیژییەتی "میدیای زانیاریبەخش" دەکات. زاڵبوونی وروژاندنی عەقڵی بەسەر وروژاندنی سۆزداری یان کات بەسەربردن، نیشانەی ئەوەیە کە ئامانجی سەرەکیی پەیجەکە لە بەکارهێنانی ڕیلز بریتییە لە "هۆشیارکردنەوە و گەیاندنی ڕاستییەکان" بە جەماوەر، نەک تەنها یاری کردن بە سۆزی بینەر یان ڕاکێشانی سەرنج بۆ مەبەستی کات بەسەربردنی بێ بڕست.

## دەرئەنجامەکان

**دوا بەدوای بە ئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر بەچەند دەرئەنجامێک گەیشتووە، کە بەچەند خاڵێک دەیانخەینە ڕوو:**

١. کورتە ڤیدیۆ (Reels) لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکاندا لە ئامرازێکی کات بەسەربردنەوە گۆڕاوە بۆ کەرەستەیەکی سەرەکیی گەیاندنی "هەواڵ و زانیاریی خێرا"، بە جۆرێک جەماوەر بۆ ئاگاداربوون لە ڕووداوەکان زیاتر پەنای بۆ دەبەن.

٢. بەکارهێنانی کورتە ڤیدیۆ وەک "میدیایەکی هەواڵیی خێرا" کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر زیادکردنی ئاستی کارلێک (Engagement) و گەیشتن (Reach) بە جەماوەرێکی فراوان لە کەمترین کاتدا.

٣. ناوەڕۆکە "ناوخۆییەکان" (Localization) لە کورتە ڤیدیۆکاندا، زۆرترین ئاستی بینەر و هاوسۆزی لای جەماوەری ئامانج دروست دەکەن، ئەمەش نیشانەی بایەخدانی وەرگرە بەو بابەتانەی پەیوەندییان بە ژیانی ڕۆژانەیانەوە هەیە.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ /العدد ٨

٤. جێگیربوونی ناسنامەی بیناو (Branding) و بەکارهێنانی وێنەی سەربەرگی سەرنجڕاکێش (Thumbnail)، فاکتەری سەرەکین بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر و ناسینەوەی سەرچاوەی هەواڵ لە ناو جەنجاڵی سۆشیاڵ میدیادا.

٥. بە پێچەوانەی تێڕوانینە باوەکان، کورتە ڤیدیۆ پەرەی سەندووە بەرەو ماوەی کاتیی درێژتر (زیاتر لە ٩٠ چرکە) بۆ ئەوەی بتوانێت زانیاریی وردتر و قووڵتر بگەیەنێت بەبێ ئەوەی وەرگر وەڕس بکات.

٦. پشتبەستن بە "دەنگی بێژەر" (Voiceover) لە کورتە ڤیدیۆ هەواڵییەکاندا، متمانە و ڕوونییەکی زیاتر بە پەیامەکە دەبەخشێت و یارمەتی وەرگر دەدات لە ڕاستیی فاکتەکان بگات.

٧. جەماوەری میدیای دیجیتاڵی لە کاتی بینینی کورتە ڤیدیۆدا زیاتر بەدوای "وروژاندنی عەقڵی و زانیاری"دا دەگەڕێن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە Reels تەنها بۆ پێکەنین نییە، بەڵکو بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگی هۆشیاریی سیاسی .

## پێشنیارەکان

١. پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دامەزراوە دیجیتاڵییەکان گرنگییەکی زیاتر بدەن بە وەبەرهێنان لە فۆرماتی "کورتە ڤیدیۆ" (Reels) وەک بەشێکی سەرەکی لە ستراتیژییەتی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان، چونکە ئەم فۆرماتە لە ئێستادا خێراترین و کاریگەرترین ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە زۆرترین ژمارەی جەماوەر.

٢. کارکردن بۆ ڕاهێنان و پەرەپێدانی توانای کادرانی میدیایی و ڕۆژنامەنووسان لەسەر تەکنیکەکانی "ڕۆژنامەگەری مۆبایل" (Mobile Journalism)، بە تایبەت لە بواری مۆنتاژی خێرا، وێنەگرتنی ستوونی، و چۆنیەتی دارشتنی سیناریۆی کورت، بۆ ئەوەی بتوانن پەیامە هەواڵییە قورسەکان بە شێوازێکی سادە و سەرنجڕاکێش بەرهەم بهێنن.

٣. جەختکردنەوە لەسەر پاراستنی ڕەسەنایەتی و "خۆجێییبوونی ناوەڕۆک" لە کورتە ڤیدیۆکاندا؛ بە جۆرێک کە ناوەڕۆکەکان تەنها بۆ پەیڕەوکردنی ترێندە جیهانییەکان نەبن، بەڵکو گوزارشت لە کێشە، دەنگ و ڕەنگی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی ناوخۆیی بکەن، چونکە ئەمە تەنها ڕێگەیە بۆ پاراستنی متمانەی درێژخایەنی نێوان میدیا و وەرگر.

## پاشکۆی فۆرمی ڕاپرسی

پێوەری ڕاستی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوە، ئەم خشتەیەی خوارەوە ڕای شارەزا و پسپۆڕانە سەبارەت بە برگەکانی فۆرمی ڕاپرسی ئەم توێژینەوەیە.

### پێوەری ڕاستی ڕواڵەتی

| | ناوی پسپۆڕان | زانکۆ | برگە دروستەکان | برگە نادروستەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پ.د. کاروان محەمەد حەسەن | ز. سلێمانی | ٤٠ | ٢ | ٩٥,٢٣ |
| 2 | پ.ی.د. ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین | ز. سەلاحەدین | ٣٨ | ٤ | ٩٠,٤٧ |
| 3 | پ.ی.د. زاهیر حمدامین صابر | ز. پۆلی | ٣٧ | ٥ | ٨٨,٠٩ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | تەکنیکی هەولێر | | |
| %٩١,٢٦ | ١١ | ١١٥ | کۆی گشتی | |

ژمارەی تەواوی بڕگەکانی پێوەر= ٤٢ ژمارەی پسپۆڕان= ٣
کۆی گشتی بڕگەکان= ژمارەی بڕگەکانی پێوەر x ژمارەی پسپۆڕان ٤٢ x ٣ = ١٢٦
بڕگە دروستەکان= ١١٥ بڕگە نادروستەکان= ١١
ڕاستێتی گشتی پێوەر= کۆی گشتی بڕگە دروستەکان/ کۆی گشتی بڕگەکانی پێوەر x ١٠٠
١١٥ x١٠٠ ÷١٢٦ = ٩١,٢٦ %

لێرەوە دەردەکەوێت تێکڕای گشتی پەسندکردنی بڕگەکان لەلایەن پسپۆڕانەوە دەکاتە (%٩١,٢٦). کەواتە بڕگەکان لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە دەگونجێت.

## لیستی سەرچاوەکان


### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

1 . ئەیڤەس، شوان ئادەم (٢٠٢١) *بنەماکانی ڕۆژنامەگەریی دیجیتاڵی* .چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی کار.

### دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

١. أبراهيم، ريهام مرزوق (٢٠٢٣) "أتجاهات الجمهور المصري نحو مقاطع الفيديو (short-reel)للدعاة عبر مواقع التواصل الاجتماعي ."*مجلة التربية النوعية والتكنلوجيا (بحوث علمية وتطبيقية)*، العدد ١٢.

٢. بدير، سعاد محمد (٢٠٢٣) "استخدام الجمهور المصري لمقاطع الفيديو القصيرة على مواقع التواصل الاجتماعي ."*المجلة المصرية لبحوث الإعلام*، جامعة الازهر، العدد ٨٤.

٣. السيد، احمد أحمد (٢٠٢٥) "مقاطع ريلز وتأثيرها في الواقع الاجتماعي ."*مجلة حراء*، العدد ١٠١.

٤. الفولي، عزة هاشم (2020) *استخدام تطبيقات الفيديو القصير وعلاقاته بالآثار النفسية والاجتماعية لدى الجمهور* .مجلة البحوث الإعلامية، جامعة الأزهر (كلية الإعلام)، العدد (٥٤)، الجزء (٥)، ل. ٣٤١٩.

### سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

1. Bakhshi, S., Shamma, D. A., & Gilbert, E. (2014) "Faces engage us: Photos with faces attract more likes". *Proceedings of the SIGCHI Conference on Human Factors in Computing Systems*.

2. Bucher, T. (2018) *If...Then: Algorithmic power and politics*. UK, Oxford University Press.

3. Chaffey, D., & Ellis-Chadwick, F. (2022) *Digital Marketing: Strategy, Implementation and Practice*. UK, Pearson UK.

4. David, J., & Zulli, D. (2020) "Extending the Internet meme: Conceptualizing technological mimesis and imitation publics on the TikTok platform". *New Media & Society*, vol. 22.
5. Kaplan, A., & Haenlein, M. (2020) "The challenges and opportunities of artificial intelligence". *Business Horizons*, vol. 37.
6. Kumar, S., & Singh, R. (2021) "The impact of Instagram Reels on consumer engagement: A study on social media marketing". *Journal of Digital Marketing & Communication*, vol. 10.
7. Kumar, V., & Singh, R. (2021) *Digital Marketing Strategies in the Social Media Era*. US, Academic Press.
8. Miller, T. (2021) *Social Media Psychology and Marketing*. UK, Routledge Publishing.
9. Newman, N. et al. (2023) *Digital News Report*. UK, Reuters Institute.
10. Ovid & Ellison (2019) *Social Networks and Changes in Usage Patterns*. Oxford, United Kingdom, Oxford University Press.
11. Papacharissi, Z. (2015) *Affective publics: Sentiment, technology, and politics*. UK, Oxford University Press.
12. Smith, J. (2022) "The Evolution of Short-Form Video". *Journal of Digital Media*.


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

List of sources
First: Kurdish sources
1. Ives, Shepherd Adam (2021) Fundamentals of Digital Journalism. First edition, Sulaimani, Kar Printing House.
Second, the Arabic sources
1. Ibrahim, Riham Marzouq (2023) "Directions of the Egyptian Republic in short-reel for advocacy through social media" Journal of Qualitative Education and Technology (Scientific and Applied Research), No.
2. Badir, Saad Mohammed (2023) "The Egyptian Republic's Use of Short Videos on Social Media Sites" Egyptian Journal for Information Research, Al-Azhar University, No.
3. Al-Sayed, Ahmed Ahmed (2025) "Realz Documents and their Impact on Social Reality" Free Magazine, No.
4. Al-Fouli, Ezza Hashim (2020) Use of short video applications and their relationship to psychological and social effects in the public. Journal of Information Research, Al-Azhar University (Faculty of Information), Issue (54), Part (5), p. 3419.

Third, English sources:
1. Bakhshi, S., Shamma, D. A., & Gilbert, E. (2014) "Faces engage us: Photos with faces attract more likes". *Proceedings of the SIGCHI Conference on Human Factors in Computing Systems*.
2. Bucher, T. (2018) *If...Then: Algorithmic power and politics*. UK, Oxford University Press.
3. Chaffey, D., & Ellis-Chadwick, F. (2022) *Digital Marketing: Strategy, Implementation and Practice*. UK, Pearson UK.
4. David, J., & Zulli, D. (2020) "Extending the Internet meme: Conceptualizing technological mimesis and imitation publics on the TikTok platform". *New Media & Society*, vol. 22.
5. Kaplan, A., & Haenlein, M. (2020) "The challenges and opportunities of artificial intelligence". *Business Horizons*, vol. 37.
6. Kumar, S., & Singh, R. (2021) "The impact of Instagram Reels on consumer engagement: A study on social media marketing". *Journal of Digital Marketing & Communication*, vol. 10.
7. Kumar, V., & Singh, R. (2021) *Digital Marketing Strategies in the Social Media Era*. US, Academic Press.

8. Miller, T. (2021) *Social Media Psychology and Marketing*. UK, Routledge Publishing.

9. Newman, N. et al. (2023) *Digital News Report*. UK, Reuters Institute.

10. Ovid & Ellison (2019) *Social Networks and Changes in Usage Patterns*. Oxford, United Kingdom, Oxford University Press.

11. Papacharissi, Z. (2015) *Affective publics: Sentiment, technology, and politics*. UK, Oxford University Press.

12. Smith, J. (2022) "The Evolution of Short-Form Video". *Journal of Digital Media*.